# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

**زانکۆ: سەلاحەددین**

**کۆلێژ: ئاداب**

**بەش: ڕاگەیاندن**

**قۆناغ: دووەم**

**بابەت: کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن**

**ناوی مامۆستا: د. بەشدار حسێن محمد**

**ساڵی خوێندن:** 2024/2023

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| **کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن** | 1. **ناوی کۆرس** |
| بەشدار حسێن محمد | 2. **ناوی مامۆستا** |
| ڕاگەیاندن/ ئاداب | 3. **بەش/ کۆلێژ** |
| **ئیمێل:** Bashdar.mohammed@su.edu.krd<br>**ژمارەی مۆبایل:** 07514701052 _ 07504615081 | 4. **پەیوەندی** |
| **تیۆری:** 4 | 5. **یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک** |
| (4) ساعات | 6. **ژمارەی کارکردن** |
| | 7. **کۆدی کۆرس** |
| 1. **ناوی چواری:** بەشدار حسێن محمد علی<br>2. **تەمەن و شوێنی لەدایک بوون:** 1984/4/17 هەولێر<br>3. **شوێنی دانیشتنی ئێستا:** هەولێر<br>4. **باری کۆمەڵایەتی:** خێزاندار<br>5. **نەتەوە:** کورد<br>6. **زمان:** کوردی، عەرەبی، کەمێک ئینگلیزی<br>7. **بڕوانامەی زانستی:**<br>• دبلۆم لە ڕاگەیاندن ساڵی خوێندنی 2007 _ 2008<br>• بەکالۆریۆس لەڕاگەیاندن 2011_2012 لقی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بەشی ڕاگەیاندن کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین.<br>• ماستەر لە ڕاگەیاندن 2016 بەشی ڕاگەیاندن_کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین. ناونیشانی ماستەرنامە (ڕۆڵی بەرنامەی گفتوگۆی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە پێکهێنانی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای جەماوەر).<br>• دکتۆرا لە ڕاگەیاندن 2023 بەشی ڕاگەیاندن_کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین. ناونیشانی تێزی دکتۆرا (پشتبەستنی جەماوەر بە دیجیتاڵ میدیا کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ بەرنامەکانی پەیوەست بە هۆشیار | 8. **پرۆفایەلی مامۆستا** |

| | |
|---|---|
| کۆمەڵایەتی).<br>**8. ئەزموونی کارکردن لە ڕاگەیاندن:**<br>• سێ ساڵ و شەش مانگ کارکردن لە کەناڵی ئاسمانی (WAAR TV)<br>• لە ڕادیۆی نەورۆز و ڕادیۆی زانایان، ڕۆژنامە و گۆڤار کارمکردووە<br>• دوو ساڵ کارکردن لە دەزگای میدیایی گاڤ نیوز (GAV NEWS)<br>• بەردەوامم لە کارکردن لە ئاڤا میدیا<br><br>**9. کتێب و بڵاوکراوە:** خاوەنی دوو کتێبی بڵاوکراوەم بە ناوەکانی:<br>• کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن<br>• وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی<br>• چەند توێژینەوەیەکی زانستیم ئەنجامداوە، بەشداربوویمە لە ئەنجامدانی دوو ڕاپرسی گەورە لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان | |
| کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن، ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانی ڕاگەیاندن، کاریگەری ڕاگەیاندن لە سەرتاک، وێنەی هزری، ڕاگەیاندن و ئاراستە، ڕاگەیاندن و ڕای گشتی، بەها کۆمەڵایەتیەکان، ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی، ڕاگەیاندن و ئاسایشی کۆمەڵایەتی. | **9.وشە سەرەکییەکان** |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

دەزگاکانی ڕاگەیاندن دامەزراوە و قوتابخانەیەکن لە قوتابخانەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە پاڵ هەریەک لە (خێزان، گروپی هاوڕێیان، دامەزراوەکانی فێرکردن، ئایین)، بۆیە ناوەرۆک و پەیامەکانی ڕۆڵ و کاریگەری لەسەر هزر و بیرکردنەوە و ئاراستەی تاکەکان دەبێت.

بە هۆی ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دا هاتووەو پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن، هەروەها ئاڵۆز بوونی ژیان و بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاری و روشنبیری تاکەکانی کومەلگە لەلایەک و، لەلایەکی دیکە میدیا و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن خۆیان لە قۆناغێکی کاریگەر و گرنگ دەبیننەوە، ئەمە بۆتە پێویستییەک کە هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە ڕاگەیاندن و ڕاگەیانکاران، قوتابی یاخود دەرچووی بەشی ڕاگەیاندن بیزانێت بۆئەوەی ئەو پەیامەی کە هەڵیگرتووە و ئامانجەکەی خۆیشی تێدا بەدی بهێنێت و لەداهاتوو لە ئەدا و پراکتیزەکردنی کارەکانی لە دەزگایەکی ڕاگەیاندندا ڕەنگ بداتەوە .

ڕاگەیاندن بەشێوازێکی سادەوە لە کۆنەوە بوونی هەبووە، دواتر قۆناغ بە قۆناغ لە ڕێگەی

نەوەکانەوە پەرەی سەندووە تا گەیشتن بەو شێوازەی کە لە سەردەمی ئێستادا هەیە. ڕاگەیاندن بەدەسەڵاتی چوارەم ناوزەد دەکرێت لەزۆربەی وڵاتان، ئەمڕۆ ئەم گرنگییە هەنگاو بەهەنگاو زیاد دەبێت و بۆتە زەرورەتێکیش.

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن سەرچاوەی زانیارین بۆ جەماوەر و بەشداری دەکەن لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و بەیەکەوەبەستنی بەشەکانی کۆمەڵگە، هەروەها ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە فێرکردن و ڕاهێنانی تاکەکانی کۆمەڵگە لەسەر ئەو یاسا و ڕێسا و بیروباوەڕ و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییانەی کە کۆمەڵگە پەیڕەوییان دەکات.

ڕاگەیاندن بەگشتی وەک ئامرازێکی پەیوەندی جەماوەری، بەرنامە و برگە و مادده و ناوەرۆک و پەیامە میدیاییەکان پەخش و بڵاو دەکەنەوە، جا چ بابەتەکان گشتی بن، یاخود تایبەتمەند بن بە بوارێکی دیاریکراوی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئایینی، وەرزشی، هونەری، ڕۆشنبیری، هەمەرەنگ ...هتد). بۆیە ئەنجامی ڕاپرسی و توێژینەوە پێشووەکان دەریانخستووە، ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی کارای هەیە لە سەر ژیانی کۆمەڵگە و شارستانی نێوان گەلانی جیهان و گەشەپێدانی ئاستی هوشیاری و ئاراستەکردنی تاکەکان، پێکهێنانی بەهاکان و دروستکردنی بیرۆکە و گۆڕینی ڕەوشت و ڕەفتار و دروستکردنی ڕای گشتی.

ڕاگەیاندن بە هەموو ئامرازەکانی خوێندراو و بیستراو و بینراو چەکێکی دوو سەرە، بە ئەندازەیەک کە دەتوانێت کۆمەڵگەیەکی هۆشیار و سەقامگیر دروستبکات کە تاک تێیدا هەست بە ئارامی بکەن و یەکتریان خۆشبوێت, وە بەپێچەوانەوەش ڕاگەیاندن دەتوانێت کۆمەڵگەیەکی پڕ لە گرفت و ڕق و کینە و ئاڵۆزی و ململانێ بەرهەم بهێنێت.

ئەرکی دەزگاکانی ڕاگەیاندنە لەنێو کۆمەڵگەدا ڕۆڵی هەبێت لە دروستکردن و بنیاتنانەوەی نەتەوەیی و چاندنی هزری بەهێزکردنی ئینتیما بۆ خاک و نیشتیمان، بەجۆرێک کاربکەن کە تاکەکانی کۆمەڵگە لە کێشە و گرفتەکان هۆشیاربکاتەوە نەک لەکارکردندا تەنها چاویان لە زیادکردنی بینەر و پڕکردنەوەی کاتەکانیان لە ژێر ناوی ئازادی فیکر و ڕادەربرین.

ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە کە بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان بەهۆی نەزانی بێت یان نەبوونی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بێت، یاخود بە ئامانج و مەبەستی دیاریکراو بێت، بەشێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەبێ ڕەچاوکردن و گوێدان بە بەها و داب و نەریت و کلتور و ڕەسەنایەتی، لەڕێگەی بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی پەیام و ناوەرۆکە میدیاییەکانیان کار لەسەر لاوازکردنی هەستی بەرپرسیاریەتی و نەهێشتنی ئینتیمای نەتەوەیی دەکەن. ڕۆژ دوای ڕۆژ بەشێک لەڕاگەیاندنەکان بەشێوەیەکی بەرفراوانتر خۆیان دەخزێننە نێو

ئەو بابەتانەی کە ئاراستەیەکی نەرێنیان وەرگرتووە, جا چ لەڕووی ناوزڕاندنەوەبێت یاخود لەڕێگەی بایەخدان و گەورەکردنی کەسانێکی بێ سود بۆ کۆمەڵگە کە بەناو هونەرمەند و مۆدێل و ئەکتەر و ...هتد، یاخود لەڕێگەی خستنەڕووی بیروباوەڕی تازە و سەیر و سەمەرە، هەوڵی شێواندنی بیروباوەڕی ئایینی و کاڵکردنەوەی پێکەوەژیان و ناشیرینکردنی داب و نەریت و کلتوری کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی متمانە دەدەن. هەندێکجاریش دەبنەهۆی زەقکردنەوەی جیاوازی چینایەتی و نانەوەی ناسەقامگیریی و دروستبوونی مەترسی لەسەر تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی. ئەو ڕاگەیاندنانەی کە لەسەر ئەم ڕێچکەیە کاردەکەن پێویستیان بەوە هەیە پێیان بگوترێت ستۆپ! چونکە بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی ڕاگەیاندن تەنها لە گەیاندنی هەواڵ و زانیاری و پڕکردنەوەی کاتەکانیان کورت نابێتەوە، بەڵکو پێویستە هەوڵی زیاتر بخرێتە گەڕ بۆ گەڕانەوەی بەهاکانی ئەخلاقی و ڕاستی و سەنگینی و شکۆی میدیایی و پاراستنی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و بەهای میدیایی دەبێت، پابەندبوون بە گەشەپێدانی نەریتی جوان و بەهای کۆمەلایەتی و ئارامکردنەوەی دەروونی تاک.

بۆ دەربازبوونیش لەم دۆخە خراپەی کە ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنکاران و ڕۆژنامەنووسان تێیکەوتوون ڕێگەچارەسەر زۆرن، یەکێک لەو ڕێگەیانە بوونی دەستەیەکی باڵا یان ئەنجومەنێکی ڕاگەیاندن بۆ هەرێمی کوردستان کە وەک چەترێک بەڕێوەبەرانی دەزگا و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و شارەزا پسپۆڕان و ئەکادیمیانی بواری ڕاگەیاندن لەخۆی کۆبکاتەوە, بۆئەوەی کاری ڕاگەیاندن ڕێکبخەنەوە و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوانیان بوونی هەبێت و پەیماننامەی شەرەف ئیمزا بکەن و پابەندبوونی خۆیان بەناوەرۆکی پەیماننامەکە دووپات بکەنەوە، هەروەها پەیڕەوی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و جێبەجێکردنی ئەرکی پیشەیی بکەن. هاوکات ئەو بابەتانەش فلتەر بکرێن کە لەگەڵ داب و نەریت و ئادابی گشتی کۆمەڵگەی کوردەواری ناگونجێن.

**11. ئامانجەکانی کۆرس**

ئامانج لەم وانەیە بریتییە لەوەی قوتابی شارەزابێت لەم خاڵانەی خوارەوە:

- پێدانی زانیاری و شارەزاکردنی قوتابیان لە بارەی ڕۆڵ و کاریگەری و گرنگی ناوەرۆکی پەیامەکانی ڕاگەیاندن لەسەر تاک و کۆمەڵگە.
- تێگەیشتن لە مانای ڕاگەیاندن و گرنگی ئامانج و بوونی فۆرمێکی کۆمەڵایەتی کارکردنی ڕاگەیاندن، بە ڕەچاوکردنی ئەنجام و لێکەوتەکانی ئەو پەیامانەی کە وەک خواردنێک دەرخواردی تاک و کۆمەڵ دەکرێت.
- تێگەیشتن لە پرۆسەی ڕاگەیاندن، بۆئەوەی قوتابی بزانێت لە داهاتوودا وەکو ڕاگەیاندنکارێک

| |
|---|
| چۆن دەزگایەکی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنێت لە پێکهێنانی بەهای کۆمەڵایەتی و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و دروستکردن و گۆڕینی ئاراستەیەکی دیاریکراو لەلای جەماوەری ڕاگەیاندن. |
| **12. ئەرکەکانی قوتابی**<br>لەسەر قوتابی پێویستە ئەو ئەرکانەی ڕۆژانە پێی دەسپێردرێت، بەرێک و پێکی ئەنجامی بدات, وەک ئەنجامدانی گفتوگۆ و سیمینار و راپۆرت و بەشداربوونی لە چالاکییەکانی ڕۆژانە. قوتابی وەک ئەرک و بەرپرسیاریەتییەک پێویستە لە وانەکانیدا ئامادەبێت، لەبەرئەوەی ئامادەنەبوونی قوتابی لەنێو هۆڵەکانی خوێندن کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر قوتابی دروست دەکات و دەبێتەهۆی باش تێنەگەیشتنی لە بابەتەکە، دەرەنجام ڕەنگدانەوەی دەبێت لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکاندا. |
| **13. ڕێگەی وانە وتنەوە**<br>لە وانەگوتنەوەدا، پشت دەبەسترێت بە بەکارهێنانی داتاشۆ و پرۆگرامی پاوەرپۆینت، هەروەها نووسینی تێبینییەکان لەسەر تەختە سپی بە بەکارهێنانی قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ. |
| **14. سیستەمی هەڵسەنگاندن،** نمرەکان بەمشێوەی خوارەوە دابەشدەکرێت:<br>• ئەنجامدانی کویز و تاقیکردنەوەی مانگانە، چالاکی ڕۆژانە و ئەنجامدانی سمینار و بەشداریکردنی قوتابی لە ناوەرۆکی بابەتەکە، ئامادەبوونی لە هۆڵی وانەگوتنەوە 40%<br>• ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ 60% |
| **15. دەرئەنجامەکانی فێربوون**<br>ئەم ماددەیە یەکێکە لە ماددە گرنگەکانی بەشی ڕاگەیاندن، پێویستییەکی زۆری قوتابیانی ئەم بەشە بەدی دێنێت، لەوەی کەوا زانیاری دروست و پێویستیان لە بارەی ڕۆڵ و گرنگی و کاریگەری ڕاگەیاندن لەسەر تاک و کۆمەڵگا.<br>قوتابی یاخود دەرچووی بەشی ڕاگەیاندن پێویستە شارەزاییەکی باشیان هەبێت لەچۆنیەتی کارکردن لە ڕاگەیاندن، بۆ کارابوونی ڕۆڵی ڕاگەیاندنی کوردی لە نێو کۆمەڵگە و مامەڵەکردنێکی تەندروست لەگەڵ دەوروبەر و چۆنیەتی بڵاوکردنەوەی ناوەرۆک و پەیامی ڕاگەیاندن بە تێروتەسەلی بۆ تاک و کۆمەڵ و جەماوەر, بەرەچاوکردنی لێکەوتەکانی. |

16. **لیستی سەرچاوەکان**


1. ئاوات عبدالله, سیاسەت و بەرپرسیاری, چاپی یەکەم, 2007.
2. ئاوات مەحەمەد_ سابیر بەکر بۆکانی، توندوتیژی خێزانی، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوەکانی ئاسوودە، ساڵی 2003
3. ئەحمەد سالار، دەروازەی دراما، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر، 2007
4. بەشدار حوسێن محەمەد, کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن، تەلەڤزیۆن و بەها کۆمەڵایەتییەکان, چاپخانەی ماد، تاران، 2020
5. پەروین عەبدوڵڵا، رەگەزەکانی دراما لە شیعری لیرکی کوردیی کرمانجی خواروو، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، 2008
6. ڕابەر تەلعەت, گەنج و بەشداری سیاسی, چاپی یەکەم, هەولێر, 2006
7. مەحەمەد وەسمان, چەند لاپەرەیەکی رۆژنامەنووسی, 2004
8. حەبیب کەرکووکی، پێشەکیەک بۆ زانستی ڕاگەیاندن، چاپخانەی خانی، دهۆک، 2008
9. حەمەکەریم هەورامی، درامای کوردی لەناو درامای جیهانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2001
10. د.بختیار جبار شاوەیس, گەنج و دەسەڵات, چاپی یەکەم, سلێمانی, 2008
11. د.رۆزە عەبدوڵڵا شەریف، ئاراستەکانی دەروونییەکان بۆ دیمەکراسی و پەیوەندییان بە رەوشتی ئاشتی و گیانی لێوردەیی لای قوتابیانی زانکۆ، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین
12. د.سەلام فەرەج کەریم، گەشەسەندنی درامای کوردی1975_1995چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2009
13. د.موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، ب(1)، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، 2005
14. د.موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، 2005
15. د.خەلیل عەبدولڕەحمان، وەرگێرانی سەلاح سەعدی, دەررووناسی کۆمەڵایەتی، چاپی یەکەم, 2013
16. مەحەمەد ساڵح پێندرویی, ڕۆڵی خێزان و قوتابخانە لە ڕیشەکێشکردنی توندوتیژیدا، (جگەر سۆز)، چاپی یەکەم 2012
17. سالار تەحسین سەیدۆ دری، ئاسایشی کۆمەڵایەتی تاک.. خێزان.. کۆمەڵگە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، 2019
18. سیروان وەلی، ڕەهەندە کومەڵایەتییەکانی توندوتیژی هێمایی لەسەر گەنجان، زانکۆی

سەلاحەدین، کۆلیژی ئەدەبیات،بەشی کۆمەڵناسی،2011, نامەی ماستەر

19. زاهیر محمد – یاسین حاجی زادە, فەرهەنگی سیاسی, 2006
20. ژاڵە عەزیز، تویژەری کۆمەلایەتی لە گۆڤاری وارڤین، هەولێر، گۆڤارێکی کۆمەلایەتی ژمارە 31
21. ژوان ئەحمەد سعید, ڕۆڵی تەلەفزیۆن لەپەروەردەکردنی منداڵدا, 2005
22. عادل شاسواری، بەکۆمەلایەتیبوون لەنێو ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی تایبەتدا، سلێمانی، چاپخانەی بینایی، 2013
23. عادل شاسواری, کاریگەری سەتەلایت لەسەر پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان, سلێمانی, 2008
24. عزالدین احمد عزیز، بنەماکانی دەروونزانی گشتی، چاپی پێنجەم, 2014
25. کەیفی محمد عزیز، رەخنەی درامی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، باشوری کوردستان 1970_1991، نامەی ماستەر، هەولێر، کۆلێژی زمان، 2008_2009
26. گۆڤاری رۆژنامەنووس گۆڤارێکی وەرزیە، ژمارە 32، د.نەزاکەت حسێن، وەرگێرانی شاسوار کەمال مەحمود.
27. هانی رەزا-رامز عەممار,ڕای گشتی و ڕاگەیاندن و بانگەشەکردن, لا298.
28. هێمن ئەمین شوانی، ڕاگەیاندن و ئاسایشی کۆمەلایەتی، هەولێر، 2021
29. الاعلام والجريمه, د.نوری یاسین هرزانی, 2005.
30. مجله الفن الازاعی، مجله تصدر عن اتحاد الاذاعة والتليفزيون، دويدار الطاهر، العدد185.

17. **بابەتەکان**

## پێرستی وانەکان

**هەفتە : بابەت**

**هەفتەی یەکەم:** دەروازەیەک بۆ کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن

**هەفتەی دووەم:** پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و کۆمەڵگە

**هەفتەی سێیەم:** دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

**هەفتەی چوارەم:** دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، ڕاگەیاندن وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی

**هەفتەی پێنجەم:** داب و نەریت، پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، لادانی کۆمەڵایەتی

**هەفتەی شەشەم:** بەها کۆمەڵایەتییەکان چیە؟ ڕاگەیاندن و پێکهێنانی بەها کۆمەڵایەتییەکان.

**هەفتەی حەوتەم:** هۆشیاری کۆمەڵایەتی چیە؟ ڕاگەیاندن و دروستکردنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی

**هەفتەی هەشتەم** ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانی ڕاگەیاندن

**هەفتەی نویەم:** لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ڕاگەیاندن

**هەفتەی دەیەم:** کاریگەری ڕاگەیاندن لە سەرتاک

**هەفتەی یازدەیەم:** ڕاگەیاندن و دروستکردنی وێنەی هزری، ڕاگەیاندن و دروستکردنی ئاراستە

**هەفتەی دوانزدەیەم:** درامای تەلەڤزیۆنی و بڵاوکردنەوەی توندوتیژی

**هەفتەی سێزدەیەم:** ڕاگەیاندن و پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی

18. **بابەتی پراکتیک (نیە)**

19. **تاقیکردنەوەکان: چەند پرسیارێک سەبارەت بە بابەتەکە بۆ تاقیکردنەوەکان**

- ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانی ڕاگەیاندن چین؟ بە نمونە ڕوونیان بکەوە.
- ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەچوارچێوەی دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بخەڕوو.
- بەها کۆمەڵایەتییەکان چۆن پۆلێن دەکرێن؟ بیانژمێرە و باسیان بکە.
- ڕاگەیاندنی کوردی لە چوارچێوە و دیدێکی کۆمەڵایەتییەوە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ پوختەیەکی واتادار لەبارەیەوە بنووسە.